# قورئان ویاساکانی ژیان

هەڵبەتە قورئانی پیرۆز زۆر بە ڕوون و ڕەوانی سوونەتی گشتی پەروەردگار ڕوون دەکاتەوە، کە تیادا هەڵسووکەوت و کارو کردەوەوهەڵوێستەکانی مرۆڤ لە شەرعی خوای باڵا دەست ملکەچی حوکمەکانی دەبێت، هاوکات لە گەڵ ئەو دەرنجامە دیاری کراوەی بە هۆیانەوە دروست دەبێت لە دونیاو دوا ڕۆژ .

پێناسەی یاسای خوای پەروەردگار:( بریتیە لە ڕێگەو بەرنامەییێکی پەیڕو کراو لە مامەڵە کردنی خوای پەروەردگار بەرامبەر مرۆڤ لەسەر بنەمای ڕەفتاروکردارو هەڵوێستەکانی بە پێوانەی شەرعی خواو پەیامبەرەکانی، ئەو دەرنجامەش لە دونیاو دواڕۆژ بە هۆیانەوە بە دەست دێت )[1].

بەیارمەتی و پشتیوانی خوای پەروەردگار باس لە کۆمەڵێك یاسای خوای زاناو کاربەجێ دەکەین .

## یاساوبنچینەی یەکەم

( فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً )

( بەڵێنی دەستەبەرکردنی ژیانێکی چاك و خۆش )

یەکێك لە یاساکانی ژیان کە لە قورئانی پیرۆز تایبەتە بە تاکەکان باس لە ژیانێکی چاك وخۆش و پڕلەئارامی وئاسودەیی و بەختەوەری دەکات ،ئا ئەم یاسایەش لەم ئایەتە پیرۆزە

[1] - السنن الالهيية (کوردی)نووسینی :د. عبد الکريم زيدان _ و.ئالان عمر سليمان ص١٧

وەردەگیرێت کە خوای باڵا دەست فەرموویەتی: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾

النحل: ٩٧واتە :ئەوەی کاروکردەوەی چاکی کردبێت جا چ پیاو بێت یان ئافرەت لە کاتێکدا کە بڕوادار بێت،سوێند بە خوا ژیانێکی پڕ لە کامەرانیو ئاسودەییو ئارامی دەژیێنین لەدونیا،نەك هەر ئەوەندە بەڵکولە ڕۆژی دوایش پاداشتیان بە چاکترو جوانتر دەدینەوە لەوەی کە ئەوان ئە نجامیان داوە )[2].

بەڕاستی ئەم ئایەتە مژدەیکی زۆرگەورەوخۆشی تیدایە بۆباوەڕدانی خاوەن کاروکردەوەی چاك،

شێخ شەعراوی لە تفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە دەڵێت:( ئەمە دەرنجامێکی سروشتیە سەبارەت بە کردەوەی چاکی کەسانێك کە مەبەستیان تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەو پاداشتی ڕۆژی دوایی بێت، پەروەردگار چانسوپاداشتی گەورەیان پیٔ دەبەخشێت،چانسو پاداشتێك لە ژیانی دونیایە کە بریتیە لە ژیانێکی خۆشو چاكوپڕ لە ئارامی دڵ،چانسو پاداشتەکەی تر لە ڕۆژی دواییە کە بریتیەلە پێدانی پاداشتێك زۆر چاکتروباشتروزیاتر لەوەی کەسانی چاکەکار ئە نجامیان داوە )[3] .

پەروەردگاری داناو کاربەجیٔ بەمەرجی داناوە کاروکردەوەی چاك دەبێت لەسەر بناغەوبنچینەی باوەڕێکی تۆکمەودامەزراو بێت، ئەوسا پەروەردگار هەردوو بەڵێنی خۆی دەهێنیتە دی بۆ بەندەکانی کەئەوانیش بریتین لە پێدانی ژیانی خۆش وپاداشتی چاکتروباشتروزیاتر لەکردوەکانی خۆی،دیارە ئەم پاداشتە بەشێکی لە ژیانی دونیاییە وەبەشە گەورەکەی لە ڕۆژی دواییە.

لە ڕاستیدا ژیانی خۆش بریتیە لە ژیانی دڵو خۆشیەکانی و
بریتیە لە ئارامیو بەختەوەری دڵ بەهۆی بوونی باوەڕ بەخواو ناسینیو خۆشویستنی وپەرستنی ئەو

---

[2] -تفسیری ئاسان - نوسینی برهان محمد أمين - ص٢٧٨
[3] -تفسير القرأن –للامام الدعاة فضيلة الشيخ الشعراوي _ج١١-ص٥١٨

زاته بەرزە، وە گەڕانەوە بۆ لای ئەو و پشت بەستن بەتەنها بەخوای بەتوانا،ئیتر کەدڵ پڕ بوو لە ئارامیوبەختەوەری ڕاستەقینە سەرجەم بەشەکانی تری جستە ئارامو بەختەوەرو ئاسوودە دەبن،ئەم ئارامیو خۆشیو بەختەوەریە درێژەی دەبێت بۆ ژیانی نێو گۆڕو ژیانی دوارۆژو ئیتر دواجارخۆشیەکانی بەهەشت هاوەڵو هاودەمی بێ کۆتایی دەبێت.

ئیبن کثیر لە تفسیرەکەی باس لە ووتەی هەندێك لە هاوەڵان ( خوا لێیان ڕازی بێت )دەکات سەبارەت بە ژیانی چاك، ابن عباس دەڵێت: ژیانی خۆش بریتیە لە ڕزقو ڕۆزی حەڵال و چێژ وەرگرتن لە خوا پەرستی، وپێشەواعلیو حەسنەی بصری دەڵێن: ژیانی چاك بریتیە لەقەناعەتو تەوفیق بۆخوا پەرستی وگوێڕایەڵی کردنی کە دواجار بەرەو ڕەزامەندی خوای گەورەت دەبات،وعەکرەمەو وهبی کوڕ منبە دەڵێن: ژیانی چاك بریتیە لە ڕزقو ڕۆزی حەڵالوپەرستش .

هەموو ئەمانە لە فەرموودەییەکی پیرۆزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆ کراوەتەوە، هەروەك پێشەوا موسلم لە عبداللەی کوڕی عومروە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی:( قَدْ أَفْلَحَ مَن أَسْلَمَ، وَرُزِقَ كَفَافًا[٤]، وَقَنَّعَهُ اللَّهُ بما آتَاهُ)[٥].واتە: بەڕاستی ڕزگاری بووەو سەرکەوتووە هەر کەسێك موسڵمان بێت وبە تەواوی ملکچ بێت بۆ فرمانەکانی خوای گەورە،وڕزقو ڕۆزییێکی حەڵالی پێوستی پێدرابێت بێ زیادوکەم،وخوای گەورە قەناعەتو ڕازی بوونی پێ بەخشیبێت بەوەی کە پێی دراوە، وچاو نابڕێتە زیاترو زیاتر.

زانایانی سەردەم ووتویانە ژیانی چاكوخۆش بە کۆمەڵێك شت دەستبەر دەبێت لەوانەش بوونی هەستی رازی بوونوقەناعەتوئارامیوسنگ فراوانیوهەستکردن بەخۆشی وکامەرانی، هەموو ئەمانە

[٤] -واتە: ڕزقوڕۆزییێکی پێوستی پێدرابێت،هەژاریونەدرای دوورکەوتبێتەو شتە زۆر پێوسیتیەکانی پێدرابێتو پێوستەیەکانی تری ژیانی ڕۆژانەی بۆپڕ کرا بێتەوە .

[٥] -حدیث صحیح رواه مسلم رقم حدیث (١٠٥٤)

دەبێت لە ناخ و دەروونی ئادەمیزاد هەڵقووڵا بێت،ئا ئەمانە پەیوەندیان بە شتە دەرکیەکان نییە وەك بوونی سەروەت و سامان و پلە و پایە و ئوتومبێلی گران بەها و خواردنی خۆش و جل وبەرگی جوان و گران بەها، وە شتی تریش لە شتە مادیەکان، بەڵام بوونی هەستی بەختەوەری ڕاستەقینە بریتیە لەکرانەوەی سنگ و دڵ و دەروون ،ئا ئەمانە ژیانی خۆش بە مرۆڤ دەبەخشێت.

هەڵبەتە ژیانی خۆش وچاك بۆ تاك وكۆمەڵگە دەستبەر نابێت مەگەر بە دوو هۆکارنەبێت ئەوانیش بریتین لەبوونی باوەڕو کردەوەی چاك ،ئا ئەم دوو هۆکارە بناغە و بنچینەن بۆ بنیادنان ودەستەبەر کردنی ژیانێکی چاك بۆتاك وگۆمەڵگە،دیارە کاتێك تاکەکان کاری چاك ئەنجامدەدەن سوود و قازنجەکەی بۆخۆیان دەگەڕێتەوە بە پێی یاسای ( پاداشت بە پێی جۆری کردارە )،ئەوسا شایستەی ژیانێکی چاك دەبێت، دواجار سوود و قازانجەکەی بۆ کۆمەڵگە و خێزانیش دەگەڕێتەوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەوەتا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز فەرموویەتی:﴿ مَّنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَنۡ أَسَآءَ فَعَلَيۡهَاۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ٤٦ ﴾فصلت: ٤٦

واتە :( ئەوەی چاکە بکات پاداشتی چاکەکەی بۆخۆیەتی،ئەوەش کە خراپە وتاوان ئەنجامبدات هەر لە سەر خۆی دەکەوێت،دڵنیا بە پەروەردگاری تۆ بچووکترین ستەم لە بەندەکانی ناکات )[6].

بێ گومان ژیانی چاك وخۆش بەرهەم و ثمرەی کارو کردەوەی چاکە ، وە ژیانی خراپ و ناخۆش و پڕلەئازارو داخ ومەراق بەرهەم و ثمرەی کارو کردەوەی خراپە .

مەبەست لە کارو کردەوی چاك ئەوەیە موافق و هاوسەنگ بێت لە گەڵ قورئان و سوونەت،نابێت پێچەوانەی شەرعی خوای پەروەردگار بێت، چونکە ئامانجی شەرع بەرژەوەندی ئادەمیزادە،بۆیە هەر شتێك پێچەوانەی شەرع بێت نا تەریب و پێچەوانەیە لە گەڵ بەرژەوەندی ئادەمیزاد.

[6] - تفسری ئاسان : ص٤٨١

**هەڵبەتە سەرجەم ئەوکارانەی لە سوودو قازانج وبەرژەوەندی ئادەمیزادە لە ڕووی کۆمەڵایەتی وئابوری و ڕامیاری دەچێتە بازنەوچوار چێوەی کاری چاك )[٧].**

**بێ گومان مەبەست لەباوەڕیش بریتیە لە باوەڕ هێنان بە خوای پەروەردگاری تاك وتەنهاو نێردراوەکەی کە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) ،ئینجا بوونی باوەڕ بە کارو کردەوەی چاك و سوود بەخش، چونکە بوونی باوەڕ بە کردەوەی چاك مرۆڤ هان دەدات بۆ ئەنجامدان وبەردەوام بوون لە کاری چاك، ئەنجا بەخشینی بەردوام و بێ وەستان و پچڕان، چونکە باوەڕ کاریگەری زۆری هەیە لە بە خشینی ئارامی بە دڵ ودەروونی ئادەمیزاد، و ئاراستەکردنیەتی بۆ کاری بەرزو جوان و سوود بەخش ،جا هەر چەندە باوەڕ بەهێزتر بێت پاڵنەری حەزی ئەنجامدانی کردەوەی چاك بە هێز تر دەبێت، هەڵبەتە باوەڕ بە چەسپێنەروقاعیدەی کاروکردوەی چاك هەژمار دەکرێت، بۆیە خوای زاناودانا لەقورئانی پیرۆز لە زۆرێك لە ئایەتەکان باوەڕوکردەوەی چاکی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە .**

**دیارە باوەڕ وەك حەقیقەتێکی ئەرێنی بزوێنەرە هەرکاتێك لە ناخ و ویژدانی ئادەمیزاد جێگر بوو لە وێنەوهەڵس وکەوت ڕنگ دەداتەوە، ئیترباوەڕوکردەوەی چاك دەبن بەتەواوکاری یەکتری هەرگیز ناتوانن لەیەکتری جیاببنەوە.**

**خوای پەروەردگارلە قورئانی پیرۆزباس لە سەرگوزشتەی زکریاوخێزانەکەیمان بۆدەکات کەچۆن وەڵامی پاڕانەوەکەی درایەوەو کوڕێکی چاك و پاك و ژیانێکی خۆشیان پێدرا بەهۆی پەلەکردنی ئەوان لە کاری چاك وسستی نەکردنیان تیاداهەروەك خوای پەروەردگاردەفەرموویت:** ﴿

فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ

يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ٩٠ ﴾

---

[٧] - لە ووتارە کانی د. محمد قاسم المنسى- استاذ الشريعة كلية دار العلوم .

الأنبياء: ٩٠ **واتە :( ئێمەش دوعای ئەومان وەڵام دایەوە و یەحیامان پێ بەخشین و خێزانەکەشیمان بۆ چاك کردەوە ( لە نەزۆکی ) بێگومان ئەوانەی باسکران لە پێغەمبەران پێشبڕکێیان دەکرد لە ( ئە نجامدانی ) هەموو خێرو چاکەیەکدا و هاواریان لە ئێمە دەکرد بە ئومێدی ( بەهەشت ) و لە ترسی ( دۆزەخ ) وە ئەوان ملکەچ بوون بۆ ئێمە )[٨].**

**پێشەوا الطبري دەڵێت:واتە ئەوان پەلەیان دەکرد لە گوێڕایەڵیکردنی ئێمە لە ئە نجامدانی کاری چاك،وگشت ئەو کارانەیان ئە نجامدەدا کە هۆکاری نزیك بوونەوەی ئەوان بوو لە ئێمە.**

**بەلێ ئەم سەرگووزشتە پەیامێکی خوای پەروەردگارە پێمان دەڵێت سستی نەکردن لەئە نجامدانی کاری چاكو پەلەکردن تێیداهۆکاری سەرەکیە بۆ وەڵامدانەوەو پاڕانەوەوداواکاری بەندە لە خوای باڵا دەست.**

**زۆرێك لە خەڵك پێیان وایە ماڵوسەروەتوسامان هۆکاری سەرکیە بۆ دەستبەرکردنی ژیانێکی خۆش،بە ڵام لە ڕاستیدازۆر شتی تر جگە لە ماڵ ژیانی خۆش دەستبەردەکات،وەك بوونی پەیوەندیو متمانەی بە هێز لەگەڵ خوای گەورە،زۆرکردنی پەرسشتەکانو خوێندنو لەبەرکردنی قوئانی پیرۆزو فێر بوونی زانستە شەرعیەکان، هەروەها بوونی ڕزامەندی وبەرەکەتوتەندروستی باشوئارامیودڵ خۆشی بە کاروکردەوەی چاكو بوونی منداڵونەوەی چاکەخواز،ورزگار بوون لە ناخۆشیەکانی ژیان ،ئا ئەمانەوزۆرێکی تر ژیانی خۆش بۆ مرۆڤی باوەڕدار فەراهەم دەکەن .**

**بەڕێزانم :**

**پەروەردگاری خاوەن بەخشش جگە لەبەخشینی ژیانێکی خۆش بەبڕوادارانی خاوەن کاروکردەوەی چاك چەندها بەڵێنی تری پێداوان کەبەشێك لەو بەخشانە لە ژیانی دونیایە بەشەکەی تربۆ ژیانی دوا ڕۆژە،ئامازە بە بەشێك لەم بەخشانە دەکەین :**

---

[٨] - پوختەی تفسیر: نووسینی : محمد مەلا صالح بامۆکی

١- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ﴿٩٦﴾ ﴾ مريم: ٩٦

**واتە :( بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەوکارو کردەوەی چاکەکانیان ئە نجامداوە، لە ئاییندەدا خوای میهرەبان سۆزو خۆشەویستی وڕێزی تایبەتیان بۆ ئامادە دەکات )[9]**

٢-قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتۡ لَهُمۡ جَنَّٰتُ ٱلۡفِرۡدَوۡسِ نُزُلًا ﴿١٠٧﴾ ﴾ الكهف: ١٠٧

**واتە :( بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەوکارو کردەوە چاکەکانیان ئە نجامداوە، ئێمە هەر لە زووە بە هشتی فردەوسمان بۆ ئامادە کردوون، تا لەوێ دابەزن و ژیانی کامەرانی تیادا بەرنەسەر)[10].**

٣- قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ يَهۡدِيهِمۡ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمۡۖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٩﴾ ﴾ يونس: ٩

**واتە :( بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەوکارو کردەوە چاکەکانیان ئە نجامداوە ، پەروەردگاریان بە هۆی ئیمانو باوەڕی ڕێك پێكو تۆکمەو دامەزراویان ڕێنوومایيان دەکات بۆ ئە نجامدانی هەموو کارو کردوەیکی چاك ،لە دوا ڕۆژيشدا لە نێو بەهشتە جۆراو جۆرە پڕ لە نازو نيعمەتەکاندا چەندەها ڕوبار بەبەردەمياندا دەڕوات )[11]**

٤-قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٢٧٧﴾ ﴾ البقرة: ٢٧٧

---

[9] - تفسيری ئاسان :ص٢١٣
[10] - تفسری ئاسان : ص٣٠٤
[11] - تفسيري ئاسان : ص٢٠٩

**واتە :( بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئە نجامداوە ونوێژیان بە هۆش و گۆشەوە ئە نجامداوە و زەکاتیان داوە، تەنها پاداشتیان لای پەروەردگاریانەوەیە، هیچ ترسێکیان نییە بۆ داهاتوو وهیچ خەفەتێك ڕوویان تێ ناکات بۆ ڕابردوو )[١٢] .**

٥- قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٧﴾ ﴾ البينة:٧

**واتە :( بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەوکارو کردەوە چاکیان ئە نجامداوە،ئا ئەوانە چاکترینی هەموو درستکراوەکانی سەر زەوین )[١٣]**

٦-قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا ﴿٣٠﴾ ﴾ الكهف: ٣٠

**واتە :( بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئە نجامداوە، با دڵنیا بن کە ئێمە پاداشتی ئەو جۆرە کەسانە بە زایەع نادەین )[١٤] .**

٧-قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٨﴾ ﴾ فصلت: ٨

**واتە :( بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەوکارو کردەوەی چاکیان ئە نجامداوە، پاداشتی نەبڕاوەیان هەیە لای ئێمە )[١٥]**

**خوێنەری بەڕێز :ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لەوە بکەیتەوە و هەنگاو بهاوێیت بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە ئارامی و ئاسودەیی و بەختەوەری بۆدڵەکەت بسازێنیت؟**

---

[١٢] - پوختەی تفسیر
[١٣] - تفسیری رمان لە ماناو مە بەستی قورئان _
[١٤] - تفسیری رامان _ص
[١٥] - تفسیري ئاسان _ص٤٧٧

لەژیانی ئەو دیویش خاوەن هەل و بەختێکی گەورە بیت و زۆرترین ئەجر و پاداشت بە دەست بهێنیت بەهۆی کار و کردەوە چاك و جوانەکانت؟

وە هەنگاو بهاوێیت بۆ دەستەبەرکردنی سەرجەم ئەو بەڵێنانەی کە پەروەردگاری خاوەن بەخشش بەڵێنی داوە بدات بە کەسانی باوەڕداری خاوەن کار و کردەوەی چاك .

خوای گەورە دەفەرموویێت : ﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ الحديد: ١٦

واتە :( ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ باوەڕداران کە دڵیان ملکەچ بێت بۆ ئامۆژگاری خودا و ئەو قورئانەی کە ناردویەتییە خوارەوە؟ وەك ئەو کەسانە ( جوولەکە و گاوور ) مەبن کە لەمەوپێش کتێبی ئاسمانیان پێدرا وە ماوەیەکی دوور و درێژیان بەسەردا تێپەڕی ئینجا دڵیان ڕەق بوو وە زۆربەیان یاخی بوون و لە سنوور دەرچوون )[١٦].

جائازیزانی دڵم : ئەگەر مەبەستتانە هەنگاو بهاوێن بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی وئاسودەیی و بەختەوەری و سەرفرازی هەردوو ژیان دەی بڕیاربدە هەر ئێستا کلیل و مفتاحی سەرجەم چاکەکان وەربگرن،کە بریتییە لە تەوبەکردن و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگاری باڵادەست و وازهێنان لە گوناه و تاوان و ملکەچبوون بۆ سەرجەم فەرمانەکانی خوای زانا و کاربەجێ و پێغەمبەرەکەی(ﷺ).

---

[١٦] - پوختەی تفسیر: